

# شانۆگەریی نێو جانتاکان

## خوێندنەوەیەک بۆ شانۆگەریی (وێرانە)ی کامەران رەئووف

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

ئەمجارەکامەران رەئوف وسۆران ئیسماعیل و سیروان جەمال بەجانتاوە لە هۆلنداوە خۆیان کرد بەشاری نوێنبرگی ئەلمانی، لەرۆژی ٢٠٠٧/١١/١٠ لەهۆلی (ڤیلا لیۆن) دیکۆری شانۆگەریەکەیان لەجانتاکانی شانیان دەرهێناو نمایشی شانۆگەری (وێرانە)یان بۆ کردین. دیارە ئەمە جانتایەک نیە کەمن لێرەدا وەک سومبولێک باسی بکەم، بەلکو بەهەقەت جانتایان لەشاندا بوو، یەکێکیان دیکۆری شانۆگەریەکەبوو وئەویدیکەشیان بەدرێژایی نمایشەکە هاورێی ئەکتەر بوو. لەم جانتەیەوە شانۆگەری (وێرانە) کە لە نووسینو دەرهێنانی کامەران رەئووف خۆیو کاری روناکی برای هونەرمەند (سۆران) بوو، دەستپێیکرد.

شانۆگەریەکە لەنێوان رەمزەیەتو دروستکردنی وێنەو جولەی ئەکتەرو هارۆمۆنیەتی رۆناکیداهەلدەسورا، گەشتێکی دوورودرێژ بوو بەنێو یادەوەریی مێژوویی دوورو نێزکماندا. ئێمەی بینەرانی ئەم نمایشە (یەک ئەکتەریە) بەرامبەر کەسی ئەکتەر دەبووینەوە، کەلەنێوان لەبیرچوونەوە وئامادەبووندا، لەنێوان مەنفای رۆحو مەنفای شوێندا یاری بێبەزەیانەی خۆی دەکرد. ئەم دەقەی کامەران بەجیاواز لەهەموو کارەکانی دیکەی خەمێکی قولی بەکوردبوونی لەخۆیدا هەلگرتبوو، پالەوانی ئەم دەقە ناوی (نەوزاد ئەحمەد رەشیدە)و مامۆستای مێژوبووە، ماوەی هەژدەسال لەزینداندا بووەو بەخۆیو جانتایەکەوە لەبەردەم دەرگای مالەوەیان خۆی دەبینیتەوە، ئازادە بەجەستە ولەزیندانەکانی داگیرکردن وئەشکەنجە رزگاری بووە، بەلام بەرامبەر زیندانێکی دیکە دەبێتەوە، کەزیندانی ئازادیە لەولاتێکدا ئازادی لەژێر سێبەرەکانی دیسپۆتدا جۆرێکە لەتاوانکاری. ئێمە بەرامبەر کەسێکی هیلاکدەبینەوە کەچیتر ئەوەندە خۆی بەژیانەوە خەریک ناکات، بەقەد هێندەی خەریکی هەلدانەوەی لاپەرە ونبووەکانی رابوردووە. کەسێکە هەژدەسالی رەبەق لەسەر ئەوەی چەند وانەیەکی مێژوویی کوردی گوتۆتەوە لەژێر ناوی تیرۆرو ئاژاوەدا زیندانی دەکرێت، کەسێکە پێش ئەوەش لەژیانی کەسی خۆیو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانیدا هیلاکە لەگەل دەوروبەری، لەنێو گێژاوی ناتێگەیشتنێکی گەورەدا خولدەخوات. نە هاوسەری ونەئەوانەی لە دەوروبەری لەوە تێدەگەن، کەئەو مامۆستای مێژووە وناتوانێت ببێت بەشتێکی دیکە، ناتوانێت ببێت بەشوفێری تاکسی، ناتوانێت ببێت بەیەکێک لە مێگەلی کۆمەلایەتی هەبووی پابەست بە نەریتەباوەکان. ئەو سوورە لەسەر ئەوەی تەنها لەگەل مێژوودا ژیان بەسەر بەرێتو لەدواجاریشدا هەر مێژووە دەبێتە هۆی ونکردن وسەرەونگومکردنی لەنێو زیندانەکاندا. کەسێتی (نەوزاد) لە شانۆگەری (وێرانەدا) کەسێتییەکی تورەیە لەو هەموو دەنگی تەقەو گوللەبارانەی نێو شار کە خۆشی نازانێت لەسەر چییەو لەسەر چی ئەم جەنگە هەلگیرساوە. لەبەردەم مالەکەیدا و لەدوای هەژدە سال جارێکی دیکە شەرێکی تر خۆی دووبارە دەکاتەوە، کە ئەمجارەیان وا هەستدەکەین شەری (نەوزاد) نییەو لە دەرەوەی مێژووە. مێژوو تەنها لەنێو جانتاکەی ئەودایەو لەبەردەم مالەکەیدایە، ئەو مالەی هەژدە سال لەمەوبەر بە زیندانی بەجێهشتبوو. ئێستا کاتی کۆکرنەوەی پارچەکانی رابوردووە، کاتی گەرانەوەیە بۆ کۆکردنەوەی ئەوەی کەونبووە وئەوەی کەپەرتبووە. سەیر لەوەدایە من چاوەرێی ئەوەم دەکرد ئەو کلیلەی لەبەردەم دەرگای مالەکەیدا بەدەستیەوە بوو، توانای کردنەوەی دەرگاکەی نەبێت، چونکە هەرگیز لەو بروایەدانەبووم کیلۆنی دەرگایەک هەژدەسال وەک خۆی بمێنێتەوە وئاوەها بەئاسانی بتوانین ئەو دەرگایە بکەینەوە. بەلام (کامەران رەئووف) ئێمە سەرسامدەکات بەکردنەوەو چوونە ناوەوەی ئاسانی نەوزاد بۆ مالەکەی خۆی، هەروەک ئەوەی پێمابلێت، دەرگای مالی کوردی لەشوێنی خۆیدا ماوەتەوەو قفلەکانی لەهەمان شوێنی خۆیدان، هەمان کلیلی کۆنینەش توانای کردنەوەی هەیە. کامەران دەیەوێت ئەو دنیا کوردییە نمانیش بکات کەلەشوێنی خۆیدا چەقی بەستووەو لەنەگۆریدا دێژە بەفۆرمەکانی خۆیدەدات. کامەران دەیەوێت بلێت: هەژدە سال برۆو دووربکەرەوە، کەهاتیتەوە دەتوانیت بەهەمان کلیل، هەمان دەرگا بکەیتەوە کەکاتی خۆی بەجێتهێشتووە..

لەژووری مالەکەیدا (نەوزاد) بەرامبەر بە بەتالییەکی گەورە دەبێتەوە، بەتالییەک لە نمایشکرنی پر سۆزو جوولەی خودی ئەکتەردا، بینەر هەست بەو بەتالییە رۆحییە دەکات کە شانۆگەرییەکە بەسەر هەموو رووبەرەکانیدا پەرتیدەکاتەوە، هەر لە جوولەی ئەکتەرەوە بیگرە تاوەکو کاری دیکۆری (سیراون جەمال)و هارمۆنیەتی رووناکی ودەقە شانۆیەکە کەلەلایەن هونەرمەندی ئازیزمان (سۆران ئیسماعیل) کاری لەسەر دەکرا.. بەهەموویان (ئەکتەرو رۆناکیو دیکۆر) کۆدەبوونەوە بۆ نمایشکردنی بەتالییەکی رۆحی کە لەنێو یادەوەریی مێژوومانداا خۆی پالخستووەو لەو چرکەساتەدا لەرێگەی کۆمبیناسیۆنو هاوئاهەنگی سەرکەوتووانەی ئەو سێ رەگەزەوە دێتە سەر ئاستی هۆشمەندییەک، کەهەمووماني تووشی شۆکێک کرد، شۆکی رووبەرووبەرووبوونەوە لەگەل ئەو دەلاقە رۆحییەی لەنێو نەستماندا خۆی راکێشاوە. پێدەچێت پەیامی شانۆگەرییەکە نمایشی ئەو بەتالایە رۆحیەی لەخودی خۆیدا هەلگرتبێت، کەچەندە ئەزمونی کەسی نەوزادن، ئەوەندەش تەعبیرن لەو بەتالایە رۆحیەی ئەقلی کوری بەدرێژایی مێژوویی پیوەی دەنالێنێت.

لەژوورە بەتالاکانی ئەم مالە ساردوسرەی موسافیرە دوورەماندا هیچ دەنگێکی دیکە نیە، جگەلەدەنگی ئەو دەسترێژو تەقەو گوللەبارانە نەبێت، جارجارە ئەکتەر لەزیندە خەونو مەنالۆگەکانی وەئاگا دەهێنێتەوە، لەنێوان هەموو مەنلۆگێکدا، نەوزاد چاوەرێی کۆتایی ئەم شەرەیە کەنازانێت بۆچی هەلگیرساوەو کێهایە لەدەرەوەی ئەم مالەو لەم شارەدا دەکوژرێت. دیارە دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە نە دەرگامان هەیە بەدیکۆرو نە ژووریشمان هەیە بەدیکۆر، بەلام ئەوە ئەکتەرە ئەو هەستەمان دەداتێ بەشوێنو شوێن دروست دەکات، بوونی ئەو جانتایەش هەمیشە ئەو هەستەمان بە بوونی شوێنی وەهمی دیکە وچوارچێوەی وەهمی دیکە پێدەبەخشێت کە ئەکتەر لەنێواندا هەلدەسورێت.

کامەران دەگەرێتەوە بۆ مێژوو وەک بەشێک لەپێکهاتەی فەردیو ئیندیڤیدوالی، نەک وەک حەزێک بۆ سەماکردن لەگەل مێگەلی کۆمەلایەتی، تاکە ئەکتەرێکە لەسەر رووبەرێکی رەش دەجولێت کەنەخشەی کوردستانە بەلام لەشێوەی تاکە مرۆڤێکە، لەپشتیەوە رووناکیی سوورو لە بەشی راستوچەپەوەپەرۆی هەلواسراو بەتەنافەوە لەکۆمەلێک پێستی مرۆڤی کەولکراو دەچن بەم تەنافانەوە لەژێر رەحمەتی رەشەبادا بەهیلاکی شۆربووبێتنەوە. ئەکتەر لەنێو ئەم دیکۆرە سەیرەدا دەجوولێتو یادەوەریو خەمو هاوارو هیلاکی خۆی نمایشدەکات. چیرۆکی نەوزاد لەنێو ژوورە بەتالەکاندا چیرۆکی گەران نییە بەنێو مێژوویەکی گەورەدا کەبەهۆیەوە هەژدە سال زیندانی کراوە، بەلکو گەرانە بەدووی مێژووی بەجێماوی خێزانەکەی خۆی، کە ئەو وا مەزندە دەکات تۆزێکی دیکە هەموو ئەو مێژووە نەزانراوەی بۆ ئاشکرادەبێت، مێژووی کورەکەی (کوردۆ)و کچەکەی (مهاباد)و هاوسەرەکەی. بەلام هەر وەک ئەوەی چاوەروانی (گۆدۆ) بکات، ئاوەها زۆر (بیکێت) یانە کامەران هەموومان دەخاتە چاوەروانی ئەوانەوە، هەموو جارێکیش دەلێت : کەئەم شەرە کۆتایی هات، ئەوان دێنەوە..بەلێ ئەوان دێنەوە.. منالەکانمان بۆ نەهاتنەوە!!

کەس دیار نیەو دەنگی کەس نیە ، جگەلەهاواری (نەوزاد) خۆی نەبێت، کەس نایەتەوە بۆ مالێک، کەئەو هەژدە سال لێی دوور بووە. چاوەروانیو چاوەراونی و چاوەروانی، ئەو هەستە قولەیە کە ئەم نمایشە لە رۆحماندا درێژی دەکاتەوە. چاوەروانییەکی ترسناکو سامناکی کۆتایی هاتنە بە هەموو شتێک، تاوەکو دەگاتە رادەی هەناسە توندبوونو خنکان. نە ئەوان دێنەوە مالەوەو نەئەمیش توانای کۆکردنەوەی پارچەکانی مێژووی کەسی خۆی هەیە. ئێمە ئاوەها بەئاسانی تێکوپێک شکانی مرۆڤی کوردی دەبینین لەنێوان مێژوویەکاندا، لەنێوان جولەی مێژوویی گشتی ومێژووی خێزانی وکەسی خۆیدا. (نەوزاد) هەموومانەو هەموومشان نەوزادین، ئەمە ئەم هەقیقەتە ساردو بێبەزەیە کە (کامەران رەئووف ) تێماندا جێیدەهلێت.

نەوزاد دوای ئەوەی لەهەموو ئەم چاوەروانیە بێزار دەبێت. دەکەوێتە هەلدانەوەی دۆکۆمێنتەکانی نێو مالە جێهلراوو چۆلەکەیدا، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە (کوردۆ)ی کوری مردووە، ئەو کورەی لەهەموو ئەدەبیاتدا نمرەکانی باشە، تەنها ماتماتیک نەبێت، ئەوەش بەرای نەوزادی باوکی هۆکارێکە بۆ ئەوەی کامەران گووتەنی: (هەموو سیاسیەکی ساختەچی دەستخەرۆی بکات).

کامەران لەم شانۆگەریەدا نمایشی رۆحێکی ئێجگار هیلاکو ماندووی دەکرد، رۆحێک ماندوو بەدەست مەنفاکانی نیشتمانو مەنفاکانی مێژوو و مەنفاکانی کۆمەلگەو نەریتو ئاینو دەسەلات. ئەکتەر لەم شانۆگەرییەدا چەقی کارەکەی پێکدەهێنا، هێزی ئەکتەر بوو کەئەم هەموو چاوەروانیکردنو گریانو هیلاکی هەناسکەبرێکیەی لەفەزایەکی فراوانی سیخناخ بەخوێنو جەنگو مردنو چاوەروانیکردنی نمایشدەکرد. ئەوە هێزی ئەکتەرو رۆناکیو دیکۆر بوو کەهێزی دابوو بەدەقی شانۆگەرییەکە، نەک بەپێچەوانەوە. لەدواجاریشدا ئەوە ئەکتەر بوو کەبەجانتایەکەوە چیرۆکی بەجێمانی بۆ هەمووان دەگێرایەوە، بەجێمانمان لەنێو رۆحی خۆماندا ، چەقبەستمان لەنێو دوبارە بونەوەی مێژوودا، بەجێمانمان لەنێو خۆماندا وەک چەند بونەوەرێک مەحکوم بین بەقەدەری راکێشانی جاناتاکانی مەنفا بەدووی خۆماندا.

گەشاوەترین کاری ئەم هونەرمەندانە (کامەران وسۆرانو سیروان) لەشانۆگەری (وێرانەدا) ئەوەبوو، هەموو شانۆکەیان خستبووە نێو جانتاکانیانەوە، لەم سنوری مەنفا بۆ ئەویدیکە لەگەل خۆیاندا هەلیانگرتبوو، شانۆیان لەنێو جانتاکەیانەوە دەرهێناو لەگەل خۆشیاندا بردیانەوە. هەر وەک ئەوەی هەموو شتێکی جولاو هەلگیراو دەست بۆلێدارو توانای ئەوەی هەبێت ببێت بە رووبەرێک بۆ شانۆ، شانۆیەک گەر دەرگای هۆلە گەورەکانیشی بەروودا دابخرێت، دەتوانێت لەنێو لەجانتایەکیشەوە نمایشی خۆی دەستپێبکات.



8
ڕۆژنامە
پەیام
ژمارە (7)
یەکشەممە 2007/11/18